# خۆپشاندانی نارەزایەتی فدراسیۆن دژ بەگەرانەوەی پەنابەرانی کورد




***دژ بەسیاسەتی گیرانەوە کۆل نادەین***

**مافی نیشتە جیّ بوون ، مافی هەموو پەنابەرانی عیراقی**

رۆژی 26–8–2005 کات ژمیری 12 پاش نیوەرۆ فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا هەستا بە بەرپاکردنی خۆپشاندانێکی نارەزایەتی دەربرین لە لەندەن لەبەردەم هۆم ئۆفیس، دژ بەپیلانەکانی حکومەتەکەی تونی بلیر بۆ بەریوەبردنی سیاسەتی گەرانەوەی پەنابەرانی کورد کە ماوەی چەند هەفتەیەکە پۆلیسی بەریتانیا کەوتوونەتە پەلامارو گرتنی پەنابەرانی کورد بە مەبەستی گرتن و راپیچکردنیان بۆ گرتووخانەکان. کە تائیستا 33 کەسیان لیّ دیپۆرت کردونەتەوە بۆ کوردستان . ئەم هیرشە لە کاتیکدا یە کە دەزگاکانی راگەیاندن هەر رۆژە چەندین جار راپۆرت لە سەر نائەمن بوونی عیراق و کوشت و کوشتارو پەرەپیدانی شەری قەومی و مەزهەبی وتایفەی کە سەرتاپای کۆمەلگایەی عیراقی تەنیوەتەوە باس لیّ دەکەن.

خۆپشاندەران بە درۆشمی (سیاسەتی دژ ئینسانی دیپۆرت کردنەوە راگرن) ، (مافی پەنابەری مافی ئینسانە) (پەنابەرانی کورد دەلّین نامانەویت بمان نیرنەوە ...کوردستان و عیراق نائەمنە)...بەگەورەی بەردەم هۆم ئۆفیس داگرتبوو،ودەنگی نارەزایەتی پەنابەران شەقامەکانی ئەو دەوربەرەی پرکردبوو، بەشێوەیەك کارمەندەکانی هۆم ئۆفیسی بەتەوای شپرز بووبوون . هاوکات کەنالەکانی راگەیاندنیش بەردەوام خەریکی راپۆرت ئامادەکردن بوون لەسەر خۆپشانەکە . شایەنی باسە ئەم خۆپشاندانە لەراستای کەمپینیکی بەرفراوان بوو کە بەشێوەی جۆراوجۆر و زنجیرەی نارەزایەتی لە لەندەنو نوتین هام و مانچستەرو کاردیف وستۆك ئۆن ترینت و لیدزو بەرمنگهام، بەخۆپشاندانی نارەزایەتی و ئیمزاکۆکردنەوەی پەنابەران و کۆروکۆبوونەوەی دەستەدەستەی پەنابەران و بەدەست هینانی پشتیوانی لەچەند رۆژ لەوەو پێشەوە بەریوەبرا بوو.

پاشان وەفدیکی فدراسیۆن کە پێك هاتبوو لە (دەشتی جەمال، نوری بەشیر، جاسم غفور، Annette ) روویان کرد هۆم ئۆفیس و لەگەل نۆینەر هۆم ئۆفیس کەوتنە گفتووگۆ دژ بەسیاسەتی گەرانەوەی پەنابەرانی کورد، وە ماوەی 8 رۆژ دانرا لەلایەن فدراسیۆنەوە لەحالەتی وەلام نەدانەوە، بەهۆم ئۆفیس راگەیەنرا خۆپشاندانی نارەزایەتی بۆ خستنەرووی سیاسەتی دژی پەنابەری دەولەتی بەریتانیا لەچەند ولاتی ئەورپی خۆپشاندان دەکریّ لەبەردەم سەفارەتەکانی بەریتانیا و پەرلەمانی ئەورپا ،لەکۆتای کفتووگۆدا نزیك بە (2000) هەزار ئیمزای نارەزایەتی پەنابەران وریّکخراوە ئینسانی و یەکیتی کرێکاریەکانی بەریتانیا کە خواستەکانی پەنابەرانی کورد و عیراقی تیا هاتبوو لەگەل نامەی (دەشتی جەمال) بۆ وەزیری ناوخۆی بەریتانیا (Charles Clarke ) تەسلیم کرا سەرئەنجام نۆینەری هۆم ئۆفیس بەلّینیان دا ئەو راسپاردانە بگەیەنن و وەلام بدەنەوە.



له لایەکی تر نۆینەری جین لامبیرت ئەندامی پەرلەمانی ئەورپا و لەحزبی سەوزبەریتانیا و ،پەیامی جان مکدونالّد ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا و، هۆزان محمود نۆینەری رێکخراوی ئازادی ژن ، سەوسەن سەلیم بەرپرسی رێکخراوی ژنانی پەنابەرانی کوردستان ، نۆینەری رفیوی کەنسل و ئارن لەکەمپینی دژ راسیزم و فاشیزم ،سەعید ئارمان بەرپرسی رێکخراوی سەرتاسەری پەنابەرانی ئیرانی ..) پەیامی پشتیوانی خۆیان لەپەنابەرانی کورد ودژ بەسیاسەتی گەرانەوە قسەو باسیان کرد.

شایەنی باسە لەم خۆپشاندانەدا نۆینەرانی یەکیتی کرێکاری (CWU) و گروپ و کەمپینی پەنابەری و ئینسانی کەلەم خۆپشاندانە بەشداربوون له خواستەکانی ئەم خۆپشاندانە پشتیوانیان کرد. ژمارەیەکی بەرچاو لە دەزگاکانی راگەیاندن چاوپیکەوتنیان لەگەل بەرپرسی فیدراسیوندا ئەنجامدا کە لەوانە روویتەر و رۆژنامەی تایمس و رادیووی بی بی سی بەشی ئۆکس فۆرد ... هەمان رۆژ هەوالّەکانی بلاوکرایەوەو ،دوایی یەك كات ژمیر خۆپشاندان سەرکەوتووانە تەواوکرا ، کەمپینی فدراسیۆن لەو پێناوەدا تا بەدەست هینانی خواستە بەرهەقەکانی پەنابەران و دژ بەگەرانەوەی پەنابەرانی کورد بەردەوامە و بەریزەکانی یەوە پەیوەست بن.

**فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی\بریتانیا**

2005 /8 /27

---

بۆ زیار زانیاری لەسەر ئەم کەمپینە بە دەشتی جەمال بەژمارەی (**07734704742**) یان بە سامان سەردەم بە ژمارەی(**07799507141**) یان بە سەعدی حەسەن بەژمارەی(**07883735897**) لەلەندەن،وە لەمانچستەر بە بورهان فەتاح بەژمارەی(**07866757213**) ،لەنوتین هام بە جاسم غفور بەژمارەی (**07739338178**) لەشاری ستۆك ئۆن ترینت بە حمە داود بەژمارەی **07742394746**) پەیوەندی بگرن.